# گۆڤاری هیوا ١٩٥٧ - ١٩٦٣ و بەشداری لە بزوتنەوەی ئەدەبی هاوچەرخدا

محمد دلێر امین محمد

بەشی کوردی ـ کۆلێجی زانستی مرۆڤایەتی

## پێشەکی :

ڕۆژنامەگەری وەك کەناڵێکی سەرەکی ڕاگەیاندن لە پاڵ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگ و باسدا ، پەیامی گەیاندنی ژانەرە ئەدەبییەکانی پێ سپێرراوە ، بە تایبەتی لەناو ئەو میللەتانەدا کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە تەوژمی ڕۆژنامەگەرییان تێ کەوتووە و تا ڕادەیەك تایبەتمەندێتی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانیاندا نابینرێ.

ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان هەر یەکەیان لە سەردەم و قۆناغی مێژووی خۆیاندا بزوێنەر و هاندەری ئەدەبی کوردی بوون ، مەیدانی فراوانیان بۆ قەڵەمە ناسراوەکان واڵا کردوە و دەستگرۆی لاوەکانیان کردووە و لە ڕۆژانی هەژاری بێ بازاڕی کتێبی کوردیدا بەرهەمە ئەدەبییەکانیان گەیاندۆتە خوێنەر و بوونەتە ناوەندێکی پەیوەندی شاعیر و نوسەران و تۆمارگای بەرهەمەکانیان گۆڤاری هیوا بە ڕێگای ( ٣٦ ) ژمارە لە ماوەی نێوان مانگی تەمموزی ( ١٩٥٧ ) تا شوباتی ( ١٩٦٣ ) توانی بوارێکی نوێ بۆ ئەدەبی کوردی بڕەخسێنێ و ئەو کەلێنە فراوانەی داخستنی گەلاوێژ ( ٩٣٩ - ٩٤٩ ) پڕ بکاتەوە .

ئەم باسە زیاتر تیشك خستنەسەر ئەو جموجوڵە ئەدەبییەیە کە ( هیوا لە دوو سەردەمی جیاوازدا ژمارەکانی پەخش کردوە ( سەردەمی پاشایەتی و سەردەمی کۆماری ) کە دیارە کاردانەوەی ئەو گۆڕانکاریە سیاسییە لەسەر ڕەوتی گۆڤارەکەو ئەدەبی کوردی بە گشتی ئاشکرایە ، لەبەر ئەوە هەوڵ ئەدەین ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمە نوێیە لە شیعرو پەخشان و چیرۆکدا دەست نیشان بکرێت جێی خۆیەتی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان لە ڕووی سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەوە لێکۆڵینەوەی زانستییان لەسەر بکرێ و مافی خۆیان بدرێتێ و ئەرك و ماندووبوونی ڕابەرانی لەبەر چاو بگیرێ .

هەرچەندە باسەکە تایبەتە بە ئەدەب بەڵام دەبێت بەشێکی بۆ مێژووی سەردەمەکە دیاری بکرێت نەك وەك ئەوەی پەیوەندی زۆری بە ئەدەبەوە هەیە بەڵکو لەبەرئەوەی بەشێك لە ژمارەکانی هیوا بە تایبەت ئەوانەی سالانی یەکەمی شۆڕشی گەلاوێژ - تەمموز ١٩٥٨ - ١٩٥٩ ز وەك گۆڤارێکی سیاسی پەیوەست بە واقیعی ئەو سەردەمە دەکەونە بەر چاو ( ١ ).

## پەیامی گۆڤاری هیوا:

هەر بڵاوکراوەیەك (بەیاننانە ، رۆژنامە ، گۆڤار ، ...هتد) بۆ ئامانج و مەبەستێ دەردەچێت و پەیامی دەگەیەنێ و پێشتر پلان و نەخشەی بۆ دیاری دەکرێ خاوەن و سەرنوسەرانی دەزانن چی دەنوسن و گەی و لە کوێدا پەخشی دەکەن .

وەك لە بەرگی یەکەم ژمارەدا نووسراوە هیوا ( گۆڤاریکی ئەدەبی و زانستییە مانگی جاریك دەردەچێت. خاوەن ئیمتیاز ، یانەی سەرکەوتن ، مدیری مسوۆل حافظ مصطفی قاضی )یە و لە چاپخانەی تەمەدن چاپ دەکرێ (٢) ، هەروەها لەسەر ووتاری ئەو ژمارەیەدا نوسراوە (هیوا بەهیوایە نوسەران و زانایان بە نوسینی پر سوودی زانستی و ئەدەبی لاپەرەکانی وەها برازێنیتەوە کە هەموو کەس شانازی پیوە بکات و بتوانین بلێین ئیمەش لە جیهان و ئەدەب خوینەواری‌دا ، بە نیازی خزمەت کردن و پیشکەوتنی زانست و ئەدەبی کوردی ئەم گۆڤارە بڵاوئەکریتەوە هیچ مەبەستیکی تری نی‌یە)(٣) .

لیرەوە پیویستی ناوەندە ئەدەبیەکە بۆ گۆڤاریکی مانگانەی ئەدەبی دەردەکەویت بە تایبەتی لە بەغدادی پایتەخت و جیگای کۆبوونەوەی ژمارەیەکی لەبەرچاو لە خویندکارانی کورد لە زانکۆکانی بەغدادا و سەر قالی ئەوانەی بەکاری سیاسی نهینی‌و کۆبوونەوەی ئەدەبی و خویندنەوە و بەشداری لە بۆنە نەتەوەیی و میللیەکاندا ، ئەمە لە رۆژگاریکدا کە ئاوابوونی (گەلاویژ)(٤) بۆشایی‌یەکی گەورەی لە مەیدانی رۆژنامەگەری کوردی‌دا کردوە و (ژین و هەتاو) لە سلیمانی و هەولیردا تاقانە مانەوە .

لە لایەکی ترەوە سالانی پەنجاکان لە میژووی عیراقدا رۆژانی خەباتی سەختی حزب و ریکخراوە نەتەوەیی و ئەنترسالیونالیزمەکان (ناسیۆنالیزم و ئەنترناسیۆنالیزم)ەکانە و لە دوای راپەرینی وەسبەی (وثبەی کانوونی ٩٤٨) ەوە خرۆشان و تەوژمی جەماوەری کورد و عەرەب لە برەو و هەلچوندا بوون داخوازی گۆرانکاری سیاسی ببووە خولیای میللەت و لە سەرویانەوە خویندکار و رۆشنبیران کە بە ووردی ئاگاداری گۆرانکاری جیهان بوون و رۆژانە هەوالی نوێ و دەنگ و باسی جیهان و رۆژهەلاتی ناوەراستیان پێ‌دەگەیشت و لە ریگای حیزبەکانیانەوە رینماییان بۆ خەباتی بێ وچان دەکرد .

دیارە بچوکترین ماف لە رۆژانی سانسۆر و قەدەغەکردنی گۆڤار و رۆژنامەی سیاسی‌دا ، هەولدانە بۆ ئیمتیازی گۆڤاریکی ئەدەبی کە هیچ نەبێ ناو و ئەدەبی کورد لە پایتەختدا جار بدات و قەلەمی بە برشتی نووسەر و ئەدەبیان لە خۆی کۆکاتەوە .

دەرچوونی هیوا بۆ ئەو نیازەی باسمان کرد پەیوەستە بە ئامانجی (یانەی سەرکەوتنی کوردان )(٥) ەوە کە هەر لەسالی دامەزراندنیەوە ١٩٣٠ ئەوەی لە بەرچاو گرتبوو کە مەبەستی دامەزراندنی خزمەتی ئەدەب و زانست دا کەوتۆتە کار و لەم رووەوە توانی ئیمتیازی گۆڤاری هیوا وەربگرێ و یارمەتی چاپکردنی کتیبی کوردی بدات و لە مانگی مارتی ١٩٥٦ دا دەورەیەکی لە مەلبەندی یانەدا کردەوە بۆ فیرکردنی زمانی کوردی .

هیوا جگە لە پەیامە ئەدەبی‌یەکە کە لە جیگای خۆیدا باسی لیوە دەکەین ، لە سالی یەکەمی شۆرشی ١٤ ی گەلاویژ ١٩٥٨ دا وەك گۆڤاریکی سیاسی دەردەچوو ئامانجە نەتەوەییەکانی کوردی کردبووە مەبەستی سەرەکی وکاری ئەدەبی تا رادەیەك فەرامۆش کردبوو . تا ئەو کاتەی ریگای بە رۆژنامەی سیاسی دراو (خەبات و ئازادی ) دەرچوون ، ئەمجا هیوا (گەرایەوە سەنگەری ئەدەب و خۆی لەم بارەیەوە دەنووسێ: هیوا هەر لە سەرەتای لە دایك بوونیەوە بەپێی توانا چەکیکی خەباتی گرتووە بە دەستەوە گە زۆرتر بۆ پاراستنی گەنجینەی نەتەوایەتی کورد بوو ، لە رۆژانیکا کە ئەو رژیمە ئەی ویست بە دوا ریچکەی ئەو گەنجینە پیرۆزەدا بیتە خوارێ و تۆزی نەهیلێ ، لە سەرەتای شۆرشدا ( مەبەست لە شۆرشی تەمموزی ١٩٥٨) ە ، هیوا توانی لە سنوری خزمەتی گەل لە رووی ئەدەبەوە بچیتەدەرێ بۆ خزمەتی سیاسی ، بەلام ئیستا کە سەربەستی دیموکراتی لە ولاتدا بەری فراوان کراو ماوە درا بە رۆژنامە و گۆڤاری سیاسی کوردی هیوا وا بە پیویست ئەزانێ کە بگەریتەوە سوپەرەکەی جارانی و دەست بکات بە پیشخستنی ویژە و هونەری کورد (٦) ........هتد).

یەکێ لە لایەنە سلبی‌یەکانی ١٤ ی تەمموز بەرامبەر بە رۆژنامەگەری کوردی ئەوە بوو گۆڤاریکی چاکی وەکو (شەفەق) لە کەرکوك و (هیوا) لە بەغدا لە قالبی ئەدەبی‌یان دەرچوون و بوون بە سیاسی .

## سەردەمیکی میژوویی :-

رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە سەرچاوەیەکی پر بایەخی میژوون یان خۆیان میژوو و دەمراستی رووداوەکانی سەردەمی خۆیانن . ئەو پەیوەندی‌یە پتەو و نەپسراوەی لە نیوان زانستی میژوو و رۆژنامەگەریدا هەیە بە جۆریکە لە یەکتر جودا نابنەوە و هەر بڵاوکراوەییەك پابەندی قۆناغیکی دیاری کراوە و سیاسی و رووداوەکانی قۆناغەکەیەتی . ئەم بۆچونە لای کورد تەواو سەلماوە چونکە لەهەر سەردەمیکدا کەژوو هەوای لەبار رەخسابی ئەوا رۆژنامەو گۆڤارەکان لە روی ژمارەو ناوەرۆك و گەشەو بڵاوبونەوەو لە برەودا بوون . پیچەوانەی ئەمەش راستە . گۆڤاری هیوا زادەی سالی ٩٥٧ و ئەو میژووە دوا برستی دەسەلاتی پاشایەتی بوو لە عیراقدا .

لەو سالانەداو دوای خەباتیکی نەپساوە ، جموجۆلی پارت و ریکخراوە سیاسی‌یەکان گەیشتبووە چلە پۆپە ، رووداوەکانی

ناوچەکە (رۆژهەلاتی ناوەراست ) و جیهان وەك (کیشەی فەلەستین ٩٢٨ و کودەتای دکتۆر مصدق لە ئیران و هیرشی سی قۆلی بۆ سەر میصر سالی ٩٥٤ و پابەندی عیراق بەبەریتانیاوە هەروەها ئالۆزی باری ئابوری و کیشەی کۆمەلایەتی لە ناوخۆدا ، هۆکاری گەورە بوون بۆ سازدان و ئامادەبوون بۆ گۆرانکاریی‌یەکی سیاسی ، جگە لەوەش دەولەتی‌عیراق هەر لە دروست بوونی‌یەوە پیکهاتەیەکی شلۆق و داسەپینراو بوو چونکە دەولەتە ئیمپریالیزمەکان وەك میراتی شەری یەکەمی جیهانی بەریان کەوتبوو بە پیی پلانی خۆیان بە ریوەیان دەبرد .

رژیمی پاشایەتی لەسەر سی بنەمای سەرەکی دروست بووبوو دەسەلاتی بەریتانیاو بورژوای گەورەو دەرەبەگی ناوخۆ ، ئەم سی دەسەلاتە بەرژەوەندیان یەك کەوتبوو بۆیە دژ بە بزووتنەوەی رزگاری خوازی و ئازادی بیرو باوەر دەوەستانەوە نەیان دەویست هیچ گۆرانکاری‌یەك لەو بنەمای دەسەلاتەدا بکەن .( ٧ ) لەماوەی ئەو سالەی (هیوا) لە ژیر دەسەلاتی رژیمی پاشایەتی دا بوو ، توانی سیازدە ژمارە بە شیوەیەکی ریك و پیك مانگانە بخاتە مەیدانەوە ئەو ژمارانە هەرچەندە لەبەر سانسۆری دەولەت و هیرشی ئیرهابی و عورفی راستەوخۆ توخنی سیاسەت نەکەوتوون و پابەند بوون بەو بەندەی یانەی سەرکەوتنەوە کە دەلی ((کۆمەلە لە گەل سیاسەت خەریك نابی چونکە کۆمەلیکی زانستی یە ))( ٨ ) بەلام دەیەوی (دەرگای میشکی حەپس کراوی خوینەران و شاعیران بکاتەوە ) ( ٩ ) چونکە ئەوانە لەناو کۆری سیاسی ئەو رۆژگارەدا سەر قالی تیکۆشان بوون .هەر ئەو تویژەرە رۆشنبیرانە بوون کە بیرو هەلس و کەوت و چارەنووسی خۆیان بە بزووتنەوەی نیشتمانی‌یەوە گری دابوو ، لە ریگەی رۆژنامەو گۆڤارە نهینی و ئاشکراکانەوە دژی داگیر کەرو رژیمی پاشایەتی وەستابوون و جەماوەریان هۆشیار دەرکردەوە .( ١٠ ) شۆرشی ١٤ی تەمموزی ٩٥٨ گۆرانکاریەکی گەورەی لە کۆمەلگای عیراق دا بە گشتی و کوردا بە تایبەتی بەرپاکرد ، رژیمی پاشایەتی گۆری بۆ کۆماری و لە سالانی یەکەمی‌دا لە ناوەرۆکی شۆرشیکی نیشتمانی دیموکراسی بوو ، گەلی هەنگاوی بەو ئاقارەدا هاویشت ، بۆ یەکەم جار لە دەستووری کاتی عیراقدا کورد وەك هاوبەش ناوبرا ( ١١) ، لە چوار چیوەی یەکیتی عیراقدا دان بەمافی نەتەوایەتی کورد دانرا هەروەها پارت و ریکخراوە نهینی‌یەکان جۆرە ئازادییەکیان بەدەست هیناو ژمارەیەکی لەبەر چاو گۆڤارو رۆژنامەی سیاسی و ئەدەبی دەرکەوتن . ( ١٢ ) تەنانەت ئەوانەی لە رژیمی پیشوودا ئیمتیازیان وەرگرتبوو لە رووی ناوەرۆك و ئامانجەوە گۆرانکاری زۆریان بەسەردا هات ، هیوا یەکیك بوو لەو گۆڤارانەی لە سالی یەکەمی شۆرش دا وەك گۆڤاریکی سیاسی هاتە کایەوە ((بوو بە دەنگیکی شۆرش بۆ ناو گەلی کورد، ئەوەش لەبەر نەبوونی رۆژنامەو گۆڤاری سیاسی کوردی )) ( ١٣ )و ژمارەیەکی تایبەتی بۆ (شۆرش) ( ١٤ ) تەرخان کردوو وەك گۆڤاریکی سیاسی کوردی بەشداری لە داکۆکی کردن لە مافە نەتەوەیی‌یەکانی کوردا کرد ( ١٥) بەیاننامەو چالاکی پارتە سیاسی یە کوردی‌یەکانی پەخش دەکرد لەبەر ئەوەی دەستەی بەریوەبەری (هیوا) یان باشتر بلیین یانەی سەرکەوتن لەکەسانی بی لایەن و پەیوەند بە هەردوو پارتە سەرەکی‌یەکەی کورد ، پیك هاتبوو وە توانیان هاوسەنگیەك لە بابەتەکانی (هیوا) دا بەرجەستە بکەن و بە ئاشکرا مۆرك و سیمای حیزبیکی دیاری کراوی پیوە نەبی ، هەرچەند سەرقالی نووسەرانی هیوا بەکارو باری سیاسی و ریکخراوە دیموکراتی‌یەکانەوە دابەش بوونی نووسینەکانیان بەسەر گۆڤارو رۆژنامەکانی تردا ، کاری‌ت کردە سەر رەوتی دەرچوونی (هیوا) و ژمارەکانی دوای شۆرش پچر پچری و سستی لەدەرچوونی بەخۆیەوە بینی .

بە کورتی دەتوانین لە ژمارەکانی (هیوا) ی هەردوو سەردەمی دەسەلاتداری عیراقدا بابەتی میژوویی ئەو رۆژگارەو هەلویستی رۆشنبیرانی کورد سەبارەت بەو گۆرانکاری‌یە ببینین و تەنانەت بۆ رووداوە سروشتی و کارەساتە دل تەزین و بۆ نەخۆشەکانی و یادی نەورۆز لاپەرەکانی تەرخان کردوەو سەرنجی رای گشتی کوردی بۆ ئەو یادو رووداوانە راکیشاوە ، وەك لافاوی سلیمانی تشرینی دووەمی (١٩٥٧) کە ژمارەیەکی تایبەتی بە وینەو شیعرو وتارەوە بۆ تەرخان کراوە . ( ١٦)

## هیوا و ژانەرەکانی ئەدەبی کوردی

چاپ و چاپەمەنی بوونە زاینگای رۆژنامەگەری و رۆژنامەگەریش لاپەرەکانی بۆ بەرهەمە ئەدەبی‌یەکان والا کردووە و تازە بە تازە بە خویندەوارانی گەیاند. پەیوەندی نیوان رۆژنامەگەری و ئەدەب بە جۆریکە ، گەشە و برەوی یەکەم زەمینە بۆ هەلکشان و بەرە و پیشچوونی دووەم خۆش دەکات وپیویست بە نموونە ناکات، تەنانەت سەرهەلدان و گەشەی ریبازی ریالزم و ئەدەبی هاوچەرخ دەگەریتەوە بۆ بلاوبوونەوەی رۆژنامە و گۆڤار. چونکە ئەدەبی کلاسیکی تا رادەیەك رۆمانتیکی لە ریگای راگەیاندنی زارەکی نوسراوی کەم و ناوخۆدا بلاوبۆوە بەلام رۆژنامەگەری بایەخی هەوالی کۆمەل و مرۆڤی سەردەم – دەدا بابەتەکانی بوونە هەوینی ژانری ئەدەبی نوی و هونەری . بۆ نموونە ریپۆرتاجی رۆژنامەگەری و هەوالی کارەساتی ناوخۆ ریگا خۆش کەر بوون بۆ نووسینی رۆمانی واقیعی . گەرانەوە بۆ تاك و کیشەکانی لەناو خیزان و کۆمەل و دەوروبەردا . رۆژنامە و گۆڤارە کوردی‌یەکان تەنانەت ئەوانەی بلندگۆی حزب و ریکخراوە ئاشکراو نهینی‌یەکانیش بوون ، بایەخیان بە ئەدەب داوە ناو بەناو بەرهەمی شاعیر و نوسەرانی کوردیان بلاوکردۆتەوە رۆژنامەی

کوردستان (١٨٩٨ – ١٩٠٢ ) له ژمارەکانیدا بەشیك لە شاکارە مەزنەکەی ئەحمەدی خانی بڵاوکردۆتەوە هەواڵی مەرگی حاجی قادری کۆیی راگەیاندووە .(١٨)

هەروەها گەشەسەندنی راستەقینەی پەخشانی کوردی لەگەڵ رەوتی رۆژنامەگەریدا دەست پێدەکات و ووتار بە هەموو جۆرەکانیەوە (سیاسی ، کۆمەلایەتی ، ئەدەبی و هوونەری ، زانستی ، زمانەوانی ..... هتد) و کورتە چیرۆك و بیرۆکە و وەرگیران رەخنەی ئەدەبی و تەنانەت بڵاوکردنەوە نوسینەوەی ئەدەبی کوردی لە دووتوی ی لاپەرەگانی گۆڤار و رۆژنامەکاندا کەوتنە نەش ونما و کەوتنە پیش برکێ لەگەڵ شیعردا .

گۆڤاری هیوا بەو سیفەتەی تاکە گۆڤاری ئەدەبی و رۆشنبیری گشتی بوو لە بەغدای پایتەخدا بڵاو دەبۆوە وە لە سەرەتادا بەشیك لەو نووسەرانەی لە گەلاویژدا شوینی دیاریان هەبووە ، بەرهەمیان ئاراستەی (هیوا) کردووە لەوانە (شاکر فتـاح) ، (شیخ محمدی خاڵ) ، (قادر قزاز) ، و (ئیبراهیم احمد) ، (أ.ب هەوری) ، (محمد موستەفا کوردی) (١٩) . هەر لەگەڵ ئەوانەدا دەستەی خویندەوار و نوسەرانی تازە کورەی چلەکانی (گەلاویژ) کە فریای ئەوە نەکەوتن لە گەلاویژدا بەرهەمی بڵاوکراوەی خۆیان ببینن بە تامەزرۆییەوە (هیوا) کۆبوونەوە جێ قەلەمی خۆیان دەرخست لەوانە :– (کامەران موکری ، حسین عارف ، موستەفا صالح کریم ، کامل ژیر ، محمد نوری توفیق، مارف برزنجی "پشکۆ" ......... هتد )

**هیوا و شیعری کوردی :–**

**بەشی یەکەم /**

شیعر لەو هونەرە رەسەنانەی ئەدەبە کە دەگمەنە گۆڤار و رژنامەیەکی ئەو ساڵانە بدۆزینەوە کە کۆپلەیەك یان قەسیدەیەکی بڵاو نەکردبیتەوە .

لە هیوادا جگە لە گۆشەی دیاری کراو بۆ شیعر (دیوانی هیوا) لەو دیوی بەرگ و لەم لاو ئەولاش بەیت و چوارینەی بڵاوکردۆتەوە ، وە لە کۆی (٣٦) ژمارەدا لەو گۆشەیەدا (٢٠٥) پارچە شیعر دەخوینینەوە ، شیعری کۆن و نوێ یان کلاسیکی و رۆمانتیکی و ریالیزمی هەر لە نالی و حاجی قادرەوە تا گۆران و کامل ژیر (هیمن) و کامەران و مارف بەرزنجی و جەمال شارباژیری و ......... هتد (٢٠) . بەباشی دەزانین لەم لیکۆلینەوەیەدا زیاتر تیشك بخەینە سەر بەرهەمی شاعیرە نوێیەکان ، لەوانەی لە رۆژانی ( هیوا) دا لە ناوەندە ئەدەبیەکەدا بوون و سەرقالی خۆ رۆشنبیرکردن بوون بە دەستی قەلەم و بە بیر خەریکی کاری سیاسی بوون بە گەرمی بەشداری چالاکی رزگاری خوازانەی گەلی کورد بوون و کامەران موکری لەو چوارینە شیعریانەی دا ، کە (هیوا) لە هەر ژمارەیەك دا بلاوی دەکردنەوە راستەوخۆ بۆ ئەو رۆژگارە ئەدوی و گری گرکانی ئاواتی سەرفرازی پەخش دەکات ، ئەو چوارینەیەی لە دیوی بەرگی یەکەمی ژمارە یەکدا بڵاوکراوەتەوە ، گوزارشتیکی راستەقینەیە لە ناخی کامەران موکری ، هاوجووتە لەگەڵ ئامانجی گۆڤارەکەدا :–

کریوەی ئاسۆر لە کیوی ژینا
لە دل و گیانی، بێ هیز و تینا
لوول ئەخوا ، لە ناو دەمی بیرنا
گریەم دیتە گوێ ، لە نەغمەی بینا
بەڵام بەستەی خەم لە دەم نایە
گۆرانیم تەنیا نەغمەی هیوایە (٢١)

کامەران لەو سالەدا (١٩٥٧) دیوانی (دیاری) بڵاوکردەوە ، ناوی کەوتە ناوان ، بووە مایەی سەرنج و لەسەر نووسین (٢٢) محمد صدیق عارف سەبارەت بە کامەران و شیعری نوێی ئەو سەردەمە دەلێ ( هۆنراوەی نوێ ئەیەوێ پەیامیك بگریتە ئەستۆ ، پەیامی هاوبەشکردن لە زۆران بازی ئادەمیزاد لەگەڵ ژیاندا ئەیەوێ لەباتی ئەوەی بە شان و باهوی زۆرداریکی خوین مژدا هەلدا ، گۆرانی بۆ شادی و بەختیاری بۆ گەل و نەتەوەکەی بلێ (٢٣) هەر ئەو نووسەرە گۆران بەرابەری ئەو شۆرشە نوێیەی شیعری کوردی دەزانی و شاعیرانی گەنجی خوین گەرم بە دوای ئەو شۆرشەدا کەوتن و لە ئاسۆی هۆنراوەی کوردییەوە سەریان هەلدا . دەتوانین بەرهەمی شاعیرە لاوەکان و ئەوانەی لە هیوادا بەرهەمیان هەیە لە ریزی ئەو دەستەیە بژمیرین کە دوای ئەوەی (هیوا) ریگای بۆ خۆش کردن و بوونە خاوەنی دەنگ و شیوازی خۆیان لەوانە بۆ نمونە (کامل ژیر ) کە ئەو کاتە لە گۆڤارەکەدا بەناوی (هیمن) ەوە شیعری بڵاودەکردەوە و جەمال شارباژیری و حەسیب قەرەداغی و ...... هتد. شیعری سیاسی بیری نەتەوەیی سیمای بەشیك لە شیعرە بڵاوکراوەکانی سالی یەکەمین لە دوای شۆرشی تەمموزەوە زیاتر ناوەرۆکی شیعرە سیاسییەکان زەق دەبیتەوە و زۆرجار لە دروشمی سیاسی و خواستی حیزبی دەبی و جوانکاری ئەفسوونی شیوە و نەغمی شیعری دەبیتە قوربانی ناوەرۆك بۆ نموونە :–

ئەمرۆ جەژنە جەژنی شادی و جەژنی ئازادی وڵات
جەژنی مایەی هەوڵ و کۆششی دەرد و ئازار و خەبات
جەژنی میللەتی کورد و عەرەب جەژنی پیرۆز و بەهات
جەژنیخۆشی و بەختیاری جەژنی سەربەستی و نەجات(٢٤)

ئەگەر بەراورد لە نیوان شیعری نەتەوەیی بڵاوکراوەی پیش شۆرش و دوای شۆرش بکەین دیاردەی بایەخ نەدان بە شیوەو ریتم لە سەردەمی دووەمدا بەدی دەکەین : ئەمەش دەگەریتەوە بۆ ئەو زەمینە لەبارەی بۆ دەربرین رەخسابوو مەبەستەکان ئاشکرا بوو بوون و

هیماو رەمزی تەم و مژاوی کە جاران بە هۆی سانسۆرەوە ترسی راو دوو نانی خاوەنەکەیەوە لە شیعری سیاسی دا بەکار دەهینرا : ئەو بەردەیدامالی و دیارە ئەمەش لەسەر لایەنی ئیستیکای بەرهەمەکەوە دەکەویتەوە . (هیوا) خۆی بانگەوازی ئەدەبیکی ریالیزمی دەداو لە سەردەمی شۆرش دا بە پیویستی هەموو شاعیرو نووسەریکی دەزانی کە بە ((تەواوی بچیتە ناو جەرگەی رووداوی ئاشکراو بەسەر هاتی راست و بی پیچ و پەنا (واقع) ەوە لەم رۆژانەدا کە پینووسەکانمان ئازادەو بۆمان هەیە بە ئارەزووی مەبەست هەلی سورینین کەچی هیشتا هەیە (بۆ ئیمپریالیزم – کونە پەپوو– بۆ زۆرو ستەم – رەشەبا – بۆ بەندیخانە – قەفەس وە لە جیاتی گەل بلبل دائەنی و بەکاری ئەهینیت ))(٢٥) . ئاشکرا هیوا جاری بەرپابوونی ئەدەبی ریالیزمی رەخنە گرانەو شۆرش گیرانە دەدات و دەیەویت ئەو بەرهەمانەی لە سەردەمی شۆرش دا بلاو دەبنەوە بەو ئارەقەدا برۆن و دەست بەرداری ریبازی تەم و مژاوی رۆمانسیەت بی ، کە هەرچەندە لە دوای جەنگی دووەمەوە شوینی لەق بووبوو بەلام دیارە شوینەواری مابوو ، ئەوەتا بە راشکاوی دەنوسی (ژیان شتیکی وەستاو وشك نی یە ، رۆژ لە دوای رۆژ کات لە دوای کات لە گۆران و پیشکەوتندایە ، چونکە مرۆڤ گیانلەبەریکی زرنگ و هوشیارەو لە کەمیندایە بۆ سبەینیی روناك و سۆزیی بەرزتر ، دوینی مەچەکمان جەراوی زنجیرو هۆشمان گوشراوی زۆرو ستەم بوو بۆیە جیگای لۆمە نەبووین کە لە دەریای رۆمانسیتی دا مەلەمان ئەکرد بەلام ئەمرۆکە لە کاتی شۆرش داین و چەند قۆناغیکی دوورو دریژمان بە ماوەیەکی کەم بریوە ، پیویستە ئەدەبەکەشمان لەم گۆران (تطور) ە خیرایە دابیت و زیاتر لە باری ئابووری و پلان و کۆمەلایەتی و تیژرەو ترو پیشکەوتوو تر بیت ، چونکە ئەدەب خۆراکی ژیانە، واتا ئەبی نووسینی ئەمرۆمان راست و روو داو بیت ، دوور بیت لە خەیال و رۆمانسیەتەوە (٢٦) ئەو شۆرشە ئەدەبی‌یەی هیوا بانگەوازی بۆ دەکات لەو سەردەمەدا هاوتەریبە لە گەل جاری سەربەخۆی و ئازادی دەربرین و ئەو گفت و بەلینانەی سەرەتا سەرکردایەتی شۆرشی (١٩٥٨) بە گەلی کوردو عەرەبی دابوو .( پیویستە ئەدەبەکەمان تەرخان بکەین بۆ سوودی شۆرش و ئازاد کردنی کوردستانی تورکیاو ئیران و یەکخستنی ئەم پارچانە لە ژیر ئالایەکی یەککرتوودا ، ئاسایشی گیتی و دامەزراندنی رژیمیکی یەکسان لە هەموو جیهاندا ) (٢٧) ئەم حەماس و هەستە بەرامبەر بە سالی یەکەمی شۆرش و گەرمەی ئاهەنگ و خۆشی جەماوەر، زوو لە بەرهەمی شاعیرو نووسەراندا رەنگی دایەوەو ئەو کاتە زۆر بە بالای سەرکردەی شۆرشدا وتراو پیش بینی زۆر هەنگاوی گورج و رەوتی شۆرشیکی نیشتمانی دیموکراسی بوو و چونکە لە ئەنجامی خەباتی ٣٧سی و حەوت سالەی کۆمەلانی خەلك بوو بە کوردو عەرەب و کەمە نەتەوەییەکانی ترەوە ، راپەرین و خۆپیشاندانەکانی بەغداو شارەکان لەوانە راپەرینی بەردەرکی سەرای سلیمانی رۆژی رەشی ئەیلولی ١٩٣٠ و کانونی دووەمی (١٩٢٨ )ی بەغداد ((وثبة)) باشترین بەلگەن ، جا ئەگەر لە رادە بەدەر بە عبد الكريم قاسم دا ووترابی ئەوا پاساوی هەیە :–

نامەی کوردیك بە دل بە گیان    قۆچی قوربانی نیشتمان
کوردو عەرە بە شانازی    پیکەوە بین بە پیشوازی
گولی بەرزی خۆشەویستی    گولی یەکیتی ، سەربەستی
هەردووك پیکەوە شان بە شان    باوین هەنگاوی تیکۆشان (٢٨)

هیوا بە شانازی‌یەوە دەروانیتە ئەدەبی کلاسیکی کوردی و وەك بەرهەمی نەوازەو هەمیشەو زیندوو جار جار لە ژمارەکانیدا هەلبژاردەی لە شیعری نالی ، حاجی قادر ، ئەحمەد مختار جاف ، ئەختەر ، ....هتد لە ژیر ناوی ( لەو گولانەی هەرگیز سیس نابن )بلاو کردۆتەوەو بۆ نموونە :–

ووتم بە بەختی خەوالوو، وەرە ئەتوبی خوا
لە خەو هەلستە زەمانی بچینەوە ئەولا
گورەی بەهاری‌یە ئیستیکە شاخ و داخی وولات
پرە لە لالەو نەسرین و نەرگس و شەهلا (٢٩)

بایەخ دانی (هیوا) بە ئەدەبیاتی سەردەم و هاوچەرخ لە رۆژگاریکدا کە ریبازی رۆمانسی ماهیەتی مانەوەی لە دەست دابوو داتەپین و رمانی رژیمە پاشایەتی و فینودالیەکان و گۆرانکاری لە پەیوەندی کۆمەلایەتی و ئابووری‌یەکاندا ئەگەر چی بە شیوەیەکی لەسەر خۆش بیت ، ئەوا هەر پیویستی بە نوی بوونەوەی سەرخانی کۆمەل هەیە و ئەدەب و رۆشنبیری لەو گۆرانە بی بەش نابیت ، لە ناو ئەدەبیاتی رۆمانسی‌دا نموونەی جوان و شاکار هەیە کە پەیوەستە بە ناخی دل و دەروونەوە بە ووشەو دەربرینی ناسك، وینەی سروشتی کیشاوە کە نە هەست و نە چاوو لە خویندنەوەی تیر نابن ، لە ناو بەرهەمی رۆمانسی کوردی دا ، شیعرەکانی عبدالله گۆرانی ئەو قۆناغە چونکە ناخی بیگەردی شاعیریکی هەست ناسکن و چاوی کامیرایەکی وورد بینی ئەم سروشتەی کوردستانن و گرەوی نەمریان بردۆتەوە هەر لەبەر ئەوەیە (هیوا) نەیتوانیوە فەرامۆشیان بکات و دووبارە دەیانخاتەوە بەرچاوی خویندەوارانی ، بۆ نموونە :–

بگرمینی ، تەب و نم دابکات ، بیکاتە شەست ، هەرگیز
نەوەستی قولپی گریانی ، ئەوەستی هەورەکەی پاییز
تەبیعەت زەردو ژاکاوە ، لە حالی گیان کە نشتایە
نیشانەی ماتەمی پاییز لە فرمیسکی درشتایە (٣٠)

ئەگەر بە ووردی سەرنجی هەردوو سەردەمی دەرچوونی گۆڤاری هیوا بدەین (پاشایەتی و کۆماری)لە روانگەی مەزهەبی

شیعری‌یەوە ، بۆمان ئاشکرا دەبیت کە لە سەردەمی دووەمدا بڵاوکردنەوەی شیعر بەرەو کزی ڕۆیشتووەو تەنانەت لە زوربەی ژمارەکاندا گۆشەی (دیوانی هیوا)بەرچاوو ناکەوی و لە گەل سەردەمی یەکەمدا بەرانبەر ناکریت ، لای خۆمانەوە هۆی ئەمە دەگەرینینەوە بۆ ئەوەی ئەو خواست و ئارەزووەی دەستەی نووسەرانی (هیوا) لە شیعریان دەویست هەولیان ئەدا بەرهەمەکان گوزارشت لە گۆرانکاری سەردەم بکەن و لە تەك ئەو بزوتنەوە سەرتا سەری‌یەدا هەنگاو بنین و ناوەرۆك و شیوە یەك بخەن و بگەرینەوە زەمینەی واقع ، بەلام ئەم ئەرکە بۆ شاعیرانی ئەو سەردەمەو بەو خیرایی‌یە کاریکی سەخت و قورس بوو ،بۆیە ئەو هەولانەی کە لەم رووەوە دراوە راست و دروست ئەنجامی نەپیکاوەو ئەگەر بە شیعری ئازادیش دەربرابی ، سادەو ساکار بووەوە زیاتر باسی واقعە نەك شی کردنەوە ، دەرخستنی دیاردەکانە نەك چارەسەرکردنی ،سۆزی تایبەتە ، بۆ رووداویکی گشتی :-

هەرچەن ریگای سەخت و دوورە
لەبەر چقل شوین پیی سوورە
لیرە لەوی
کە دەرکەوی
چەتەو ریگر دەوری داوە
کاروان خەلتانی خویناوە
بەلام بی ترس و بی پەروا
مل ئەنی ، بۆ قۆناغ ئەروا
داهاتووی ریی سەخت و دوورە
چ دەربەستی لوورە لوورە
خوین ئەریژی
لەش ئەنیژی
لەسەر کەوتن پشت ئەستوورە (٣١)

هەر لەبەر ئەوەیە (هیوا) زیاتر بایەخ بە وتاری ئەدەبی و سیاسی و کۆمەلایەتی و چیرۆك و ژانەکانی تر دەدات و لە ژمارەکانی دواتردا ئەم بابەتانە ئەهمیەتی پی دراوەو هەولی وەرگیران و موتوربەکردنی گۆڤارەکەیە بە ئەدەبی جیهانی ، بە تایبەت ئەدەبیاتی سۆڤیەتی کە دیارە خویندکارانی کوردی ئەو کاتە کەلە سۆڤیەت دا دەیانخویند رۆشنبیرو ئەدەب دۆست بوون ، پەیوەندیان لەگەل ( هیوا)دا و سەرجەم گۆڤارو رۆژنامە کوردی‌یەکاندا پتەو بووە . شیعرە بڵاوکراوەکان تەنیا پەیوەست نەبوون بە شاعیرانی کوردستانی رۆژهەلاتەوە بەلکو لەبەشەکانی تری کوردستانەوە بەپیی بارودۆخی سیاسی ئەو بەشانە ، بەرهەم نیراوە نامەی پیرۆزی بڵاوکراوەتەوە لەوانە :- نامەیەك لە کوردستانی ئیرانەوە ، شیعری قەدری جان و کەریمی ئەیوبی ، جاسمی جەلیلی (٣٢) .

( هیوا ) تەنیا بە بەهەرمی خۆمالی‌یەوە نەوەستاوە بەلکو بایەخی زۆری بە شیعری وەرگیراو داوەو لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی عەرەب و تورك و سۆڤیەت و چین و فارس و نەتەوەکانی ترەوە ، ئەو نموونانەی کەلە سەردەم و واقیعی خەباتی ئەو رۆژانەدا دەگونجی و تین و تاوی ماوە ، بڵاوکردۆتەوە ، دەتوانین دەیان نمونە ببینین چ ئەوانەی لە ریبازی ریالیزمی کۆمەلایەتی پۆلین دەکرین :-

هەر چەندە لە هەر تەمەنیکدا بین ، ئیمە هەرگیز رۆلەی دایکمانین
دایکمانە زەوی ، دایکمانە نیشتمان
دیسان زمانمان دایکمانە
لەو کاتەی گیروگرفتی ژین شپرزەمان دەکات
لەو کاتەی هەست بە ترس و تۆقین ئەکەین
لەو کاتەی توشی نەخۆشی ئەبین
لە قوولای دلمانەوە بانگی دایکمان ئەکەین
کریکاران و جوتیاران و بیر رۆشنان
سیاسی‌یەکان و سەرکردەکان و زاناکان
لە گەلیا بدوین وەك دایکیك
دایکە تۆ لە تواناتا هەیە کە پاریزگاری ئاشتی بکەیت . (٣٣)

بانگەوازو هاندانی شاعیرو ئەدەبیاتی کورد و راکیشانیان بۆ مەیدانی بایەخدان و بوژاندنەوەی سامانی نەتەوەی گەلی کوردو هەلبەستی جوان و نایاب کە باس لە نەهامەتی مرۆڤی رەنجدەری کورد بکات و میژوو بە هەموو تال و شیرینەکەوە بەیاد بخاتەوە ، بۆتە ئەرکی ( هیوا)و ناوبەناو ئەم بانگەوازەی دووبارە کردۆتەوە ، ئەوەی بە مەرجی دەولەمەندی گۆڤارەکە زانیوە . ( ٣٤)

خوینەر لە زۆربەی بەرهەمە شیعری‌یە وەرگیراوەکاندا ، شارەزایی و ووردبینی وەرگیر دەبینی یان توانای دەستەی نوسەران بۆ هەلبژاردنی بابەتەکەو دەست نیشان کردنی بۆ بڵاوکردنەوەو هاومەبەستی و هاوچەرخی و لە یەکچوونی لەگەل کۆمەلگای کوردەواری‌دا ، بەمەش هەست و سۆزو ئازادی و چون یەکی کردۆتە ئەلقەیەکی نەپسراوە لە رزگار بوونی مرۆڤ و زال بوونی بەسەر چەوساندنەوەی رەگەزی و نەتەوەیی و چینایەتی‌دا لە هەر شوین و دەڤەریك بیت ، پانی چینیکە لە دیواری ستەم و سەرکوت کردن ، ئەوەتا لەم نموونەیەدا باس لە منالانی ئەفریقا دەکات هەرچەندە رازی ئەوانە ، بەلام خوینەر هەرزوو نالە و ئازاری منالی کوردی پیوە گری دەدات :-

من منالیکی بی تاوانم وەك منالانی تر
هیچ شتیك شك نابەم لە دەروونی پاکما کە ببی بە هۆی ئەوەی رقتان لیم بیت
ئایا چاوتان کویر بووە لە عاستی ئەم راستیەدا ؟
یان میشکە بچکۆلەکەم لە توانایا نی‌یە تیبگات ؟
ئایا وەك مرۆڤەکانی تر نیم

دیمه جیهانه‌وه ئه‌ژیم و ئه‌مرم
ئه‌فرقیا ئه‌ی خاکی پیرۆز
خاکی خیرو خۆشه‌ویستی‌و ژیان
ئه‌فریقا – ئه‌ی نیشتیمانه ره‌شه خۆشه‌ویسته‌که‌م
من ئه‌و ژیانه ئه‌په‌رستم که‌وا تیاتایه
من ئه‌و ده‌سته پاکانه ئه‌په‌رستم که‌وان له باوه‌شتا (٣٥)

به گشتی‌و به پیی ئاماریکی ئه‌ده‌بی ده‌رده‌که‌وی که هه‌رچه‌نده شیعر له ( هیوا)دا شوینی خۆی هه‌یه به‌لام سالانی شۆرش و دوای شۆرش بابه‌خی که‌متری پی دراوه و وتاری سیاسی و به‌خشانی هونه‌ری جیگای زۆرتریان له گۆڤاره‌که‌دا گرتووه ، ئه‌مه‌ش وه‌ك باس کرا زیاتر بۆ ئه‌و که‌ژو هه‌وای دیموکراتی‌یه ده‌گه‌ریته‌وه که‌له‌و سالانه‌دا هاته ئاراوه‌و ئیتر زمانی هیما و ته‌م و مژو بزوینی هه‌ست و سۆز تا راده‌یه‌ك کاریگه‌ری له ده‌ستدا . لابردنی سانسۆر له‌سه‌ر نوسین و به‌رهه‌می شاعیرو ئه‌دیبان گه‌شه‌ی به به‌خشان کردو په‌له‌ی ئه‌وه‌ی بوو چۆن و به چ ریگایه‌کی راسته‌وخۆ و دیالۆك له‌گه‌ل میلله‌ت دا بکری و ده‌ردو ئازاره‌کانی بخریته روو چاره‌سه‌ری له چ دایه باس بکریت ، ئه‌مه له‌لایه‌ك له‌لایه‌کی تره‌وه ئه‌و ململانی و پیشبرکی‌ی حیزبایه‌تی‌یه له گۆره‌پانی عیراق و کوردستان دا به تایبه‌ت له نیوان ( پارتی و شیوعی ) دا وای ده‌ویست وتاری سیاسی و روون کردنه‌وه‌ی ئایدۆلۆژی و ناسیۆلیزم و سۆشیالیزم جی به شیعر له‌ق بکه‌ن و پانتایی زۆرتر له گۆڤاره‌که‌دا داگیر بکه‌ن ، به‌لام ده‌توانین به هیلیکی گشتی به‌رهه‌مه شیعری‌یه‌کانی هیوا له خانه‌ی ریالیزم و ریالیزمی ره‌خنه‌گرانه و شیعری سیاسی ناوببه‌ین و هاوچه‌رخیتیان بسه‌لمینین .

**بەشی دووەم :—** ((هیواو چیرۆکی کوردی ))

سه‌رهه‌لدان و گه‌شه سه‌ندنی چیرۆکی هونه‌ری کوردی ته‌واو په‌یوه‌سته به گه‌شه‌و ده‌رکه‌وتنی گۆڤارو رۆژنامه‌وه هه‌ر بلاوکراوه‌یه‌ك له سه‌رده‌می خۆیدا چیرۆك نووسی سه‌رده‌مه‌که‌ی ناساندوه‌و به‌هه‌رمی له میژووی ئه‌ده‌بدا بۆ تۆمارکردووه . ئه‌وه (( ژیانه‌وه‌وه جه‌میل صائیب )) . (( گه‌لاویژو پله‌و شاکر فه‌تاح و سه‌جادی )) ، هیواو عه‌بدوللاو میدیاو صالح که‌ریم و مه‌م و حه‌سه‌ن قزلجی )) و که‌سانی تر ، که له‌دوای‌دا زیاتر تیشك ده‌خه‌ینه سه‌ر به‌رهه‌مه‌کانیان . ((٣٦))

هیوا له سی‌و شه‌ش ژماره‌یدا له شیعر زیاتر بایه‌خی به چیرۆك و چیرۆکی شانۆی داوه ، یان بلیین ( ده‌قی شانۆیی ) که‌له‌مه‌ی دووه‌مدا پیشره‌و بووه هه‌روه‌ها ریپۆرتاژی رۆژنامه‌گه‌ری ( المقابله الصحفیه )) که زۆر جار تۆماری ژیان و یاداشته و به‌شیکه له چیرۆکی واقیعی و له هیوادا گرنگی هه‌یه .

به‌وپیی‌ه‌ی له دوای شۆرشه‌وه (( ٢٣)) ژماره‌ی هیوا ده‌رچووه ئه‌مه له رووی چه‌ندی‌یه‌وه و چۆنیه‌تیه‌وه گۆرانی زۆر به‌سه‌ر ناوه‌رۆك و مه‌غزای بابه‌ته‌کانی‌دا هاتووه ، دیاره چیرۆك و وتار زۆر تر ئه‌م گۆرانکاری‌یه له بابه‌ت و پاله‌وان و نزیکبوونه‌وه له واقیع و سه‌رده‌مه‌وه ده‌یانگریته‌وه ، چیرۆکه‌کانی سالی یه‌که‌می هیوا (( مه‌به‌ست چیرۆکه کوردی‌یه خۆمالی‌یه‌کانن نه‌ك وه‌رگیراو له زمانه‌کانی تره‌وه که دیاره ئه‌وانه‌ش کاریگه‌ری خۆیان هه‌یه و هانده‌ری باشن بۆ به‌ر بلاوی ئاسۆی چیرۆك نووسی کوردو خوینده‌واری گۆڤاره‌که )) ، زیاتر له‌و بابه‌تانه ئه‌دوی که دووباره کردنه‌وه‌ی چیرۆکه‌کانی سه‌رده‌می گه‌لاویژن ( ٩٣٩–٩٤٩ ) چونکه سالی یه‌که‌م ٩٥٧ دریژبونه‌وه‌ی ده‌سه‌لاتی سیاسی ئه‌و سالانه‌یه و رژیمی پاشایه‌تی پاریزه‌ری سیستمی فیئۆدالی‌یه‌و ده‌رده کۆمه‌لایه‌تی‌یه‌کان زیاتر ته‌شه‌نه‌یان کردووه ته‌نانه‌ت مامۆستا و که‌سانی خوینده‌وار توشی په‌تای قومارو مه‌ی‌بوون که رژیم زیاتر هانده‌ریان بوو که‌له کاره پیرۆزه‌که‌ی خۆیان دووریان بخاته‌وه ( مسته‌فا صالح کریم ) یه‌کیکه له‌و چیرۆك نوسانه‌ی هیوایه که ئاماده‌یی خۆی هه‌یه له چیرۆکه بلاوکراوه‌کاندا : له ( فرمیسکی په‌شیمانی)دا له ریگای ده‌رخستنی چه‌ند دیمه‌نیکی تراژیدیا وه که ئاکامی قومارکردن ده‌یخولقینی ، ئه‌و دیارده‌یه ده‌خاته روو و زه‌ره‌ری مادی و مه‌عنه‌وی له کۆمه‌ل دا ، نیشتیمان ده‌دات و هه‌چی زووتر په‌شیمانی و وازهینان له قومار و گه‌رانه‌وه بۆ باوه‌شی‌ئارامی و به‌ختیاری خیزان و کۆمه‌ل باس ده‌کات . (٣٧) ره‌دووکه‌وتن و ری گرتن له خۆشه‌ویستی و یه‌کیکه له‌داب و ره‌وشتی سه‌رده‌می سیسته‌می فیئۆدال و عه‌شیره‌ت گه‌ری و له سالانی په‌نجاکاندا بابه‌تی هه‌لبژارده بووه بۆ ناوه‌رۆکی کورته چیرۆك ، چیرۆك نووس له‌م ده‌روازه‌یه‌ی داوه به‌دژی ئه‌م نه‌ریته کۆنه‌دا چۆته‌وه و ئه‌و باوك و خیزانه‌ی به هۆکاری ئه‌نجامی دلته‌زینی ئه‌و ره‌فتاره زانیوه، هه‌ر ئه‌و چیرۆکنووسه له ( برها نه‌هاتیتایه‌وه ) دا به‌کوردی‌یه‌کی ره‌وان و ناونانی پاله‌وانه‌کانی به‌ناوی ره‌سه‌ن و کوردی وه‌ك ( سواره‌و زیرین ) .

ئه‌و دیارده دزیوه ده‌خاته روو ده‌ست نیشان کردنی‌شوین و کات و گری‌ی چیرۆکه زیاتر چیژیان به به‌رهه‌مه‌که داوه و مۆرکی خۆمالیان پی به‌خشیوه (٣٨) .

هه‌ر له ژماره‌کانی سالی یه‌که‌م دا و هه‌لکه‌وتنی ده‌سته‌یه‌کی نوی له چیرۆك نووسانی کورد ، ناوی ( عه‌بدوللا میدیا مامۆستا ع ، مسته‌فا صالح کریم ، محمد مولود ((مه‌م)) ) به‌رهه‌مه‌کانیان به‌رچاو ده‌که‌وی .

مه‌م له چیرۆکی ( قینی لیم بوو ) ناخ و ده‌روونی پاله‌وانه‌کانی ده‌خاته قسه‌و وینه‌ی ناوه‌وه‌یان ده‌خاته روو که ئه‌م رۆچونه هه‌ولدانه بۆ باسی سایکۆلۆژی و په‌یوه‌ندی نیرومی و بابه‌تیکی نوی یه‌و پیشتر له چیرۆکی کوردی‌دا به‌رچاو ناکه‌وی ، واته

گواستنەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە بۆ غەریزە دەروونی‌یە و کپ و شاراوەکان کە ڕۆلی لەبەر چاویان هەیە لەهەلس و کەوتی پاڵەوان و لاوازبوونی کەسایەتی‌یاندا .(٣٩)

لە چیرۆکی ((دلسۆزی نەمر ))دا عبداللە میدیا دەگەڕیتەوە بۆ لادی و مالی جوتیاریکی هەژار بە وەسفیکی ناسك و بی ڕتوو شەوە بە قەلەمیکی واقعیانە دیمەنی ژانیان نەخش دەکات ، بەڵام ئەو ئەرکەی بەسەر ( دلسۆز)یدا دەدات لەچاو تەمەن و ئەو ژینگەیەی تیا هەلکەوتووە زۆر قورسە ڕەنگە ئەو پاڵەوانە لە عۆیەی نەیەت .

چیرۆکنووس دەیەویت لە زەمانی پاڵەوانەکەیەوە بەگژ دەرەبەگی نوینەری ڕژیمی پاشایەتی‌دا بچیتەوەو هۆشیاری بکاتەوە کە ئەو ڕۆژە نزیکە لە کۆیلەیی ڕزگار ببی هەرچەندە دەبیتە قوربانی و پەلە لە کارەکەی‌دا دەکات و ناتوانی تەنانەت کار لە باوکی بکات و لەباتی فرمیسك ڕشتن بیر لە ریگایەکی تر بکاتەوە . (٢٥)

ئەگەر شۆرش لەڕوی ناوەڕۆکەوە گەلیك شتی تازەی بە چیرۆکی کوردی بەخشی بیت . ئەوا لەڕووی ڕووخساریشەوە پیشکەوتنیکی تازەی هینایەکایەوە ، نوسەران زیاتر توانای نەخشەکیشانی ژیان و خەباتی جوتیارانیان پەیدا کردو کریکار و مرۆڤی خەبات کاربوون بەباسی گەلیك چیرۆك و بە قارەمانی بەهەرمی گەلیك چیرۆك نووسی ((٢١)) ئەو گۆرانکاری‌یەی شۆڕش لە سالی و نیوەی یەکەم دا بەرپای کردو ئەو یاساو بریارانەی دەری کردن هەلویستی لەبەر چاوبون لەوانە : یاسای چاککردنی کشتوکال و دەستووری کاتی و هەروەها بەرپابوونی ئازادی و ڕۆژنامەگەری و ئیمتیازوان بە دەرچوونی ڕۆژنامەی حیزبە سیاسی‌یەکان و کردنەوەی بارەگا و نوسینگەی تایبەتی لە پایتەخت و شارەکان دا ، هەروەها چالاکی ریکخراوە جەماوەری‌یەکان ئەمانە هەموو لە ماوەیەکی کورت دا کاریکی کرد کە بابەتی ئەدەبی نەتوانی دەستەوستان بیت ، هیچ نەبیت لە گواستنەوەی ئەو گۆرانکارییە و دەرخستنی گیانی بەراودکاری لە نیوان ڕژیمی پیشوو و نوی‌دا ، بە تایبەتی کە شیعر ئەم مەبەستانەی بەکال و کرچی دەردەبری و لە ئاستی هونەری هاتبووە خوارەوە وەك لە پیشتردا باسیان کرد . لە چیرۆکی (( چۆن لە بیرم بچیتەوە ))دا

ئافرەت نەك لە کیشەی ڕەدوو کەوتن و کۆیلەیەتی پیاو ژن و خوشکی پیاوی قومار کەر ....ڕزگاری بووە ،بەلکو بۆتە پاڵەوانی خۆپیشاندان و ڕاپەرینە جەماوەری‌یەکانی کە قوتابیان و کریکاران و زۆربەی تویژەکانی میللەت بەشداریان تیا دەکرد "پرشنگ" قارەمانی چیرۆکە کە گیانی زیندووی ڕۆژانی ڕاپەرینی وەسبەی کانونی دووەمی (١٩٤٨) ەوە ئەو کیژەیە کە "پیرەمیرد"بە پاڵەوانی ڕووداویکی دەگمەنی میژوویی سەردەمی دەزانی :_

تا ئیستا ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەت دا

قەلغانی گوللە ، سنگی کچان بوو لە هەلمەتا

ئەوەتا "پرشنگ" دوای ئەوەی دەبیتە قۆچی قوربانی ، زۆر گەش بینە و دەزانی کە داری ئازادی بە خوین نەبی ئاو نادری و (ئەو گەلەی قوربانی بدات هەرگیز نامری ) .(٤٢)

چیرۆکی (دیمەنیکی سامناك کە لە سنوور ) باس لە ڕووداوی ئاوارە بوون و دەربەدەری خیزانی بەشیکی داگیر کراوی تری کوردستان دەکات کە لە سەر دەستی شای ئیران دا پەرەوازە بوون ، ئەو سالەی شۆرش لە عیراق دا سەردەکەوی ئەوان زیاتر دەچەوسینەوەو تووشی ڕاو دوونان دەکەون . (٤٣) هەر لەبەر ئەوەش بەشیك لە شاعیرو نووسەرانی سەردەمی ((کۆماری کوردستان)) کە لە دوای شۆرشەوە هاتنە بەغداو بوونە پەنا بەری سیاسی لەوانە ((هەژارو هیمن و عبدالرحمن زەبیحی ....هتد)) تەنانەت بە هۆی گۆڤاری هیواوە ژمارەیەك لە نووسەرانی کوردستانی داگیر کراوی ئیران پیرۆزبایی و دەست خۆشیان لە شۆرش و ڕژیمی کۆماری کردووەو هیوایان وەك ((گۆڤاریکی ئەدەبی و زانستی و نەتەوایەتی کوردی)) دا داناوە لەوانە (( ڕەحیمی قازی ، سولتانی وەنەمیش ، عەبدوللای ڕەزم ئاوەر ، عەلی ، گەلاویژ، محەمەدی مەولود ، قادر مەحمود زادە) .(٤٤)

ئەو نووسەرانەی لە چیرۆکی کوردی یان کۆلیوەتەوە ،سالانی ١٩٥٠ تا ١٩٦١ کە لە سەردەمانی دەرچوونی گۆڤاری وەك (پیشکەوتن و شەفەق و هیوا ) یە بە قۆناغی گەشەکردن و پەلهاویشتنی چیرۆکی کوردی دا دەنین ، چونکە ریگایان بۆ نووسەران خۆش کردو پشتگیریان کردن .(٤٥) زۆر لە شیعر زیاتر بایەخیان بە چیرۆك و لیکۆلینەوەو وتارو ڕەخنەی ئەدەبی و چیرۆکی شانۆی دا ،ئەم ژانەرانەیان بە هۆکاری گوزارشت کردن لە کیشەکانی سەردەم و سیمای ئەدەبی هاوچەرخ زانیوە .

بۆ ئەو ڕووداوە سروشتی و نەهامەتیە گشتی‌یەکان کە هەردەم لەیەخەی کورد نەبوونەتەوەو حەمدی واتەنی :–

سالی جاری ئەم شارە دەبیتە مەزبەلە

یا بە ئاگر یا بە بۆمبا یا بە بارانی پەلە

ئەگەر پیش دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤار، دەربرینی هەست و سۆزو نارەزایی بە شیعر بووبیت ئەوا لە دوای ئەو داهینانە مەزنەوە بە زۆر شیوازو بابەتی تر دەربراوە ، ڕەنگە وتار و بیرۆکە و چیرۆك و ڕۆمان ، زۆر لەبار تر بن بۆ نەخشەکیشانی ئەو دیمەنە غەماویانە و گواستنەوەی وینەی فۆتۆگرافی دەرەوە بۆ بیناو چنینی هونەری چیرۆك نووسین ، هەر لە هیوادا و سەبارەت بە لافاوی سلیمانی ١٩٥٧ جگە لە شیعری سۆز ئامیز بۆ ئەو بۆنەیە چیرۆکی کورتیش نووسراوە کە کاریگەری ڕووداوە کە خولقانوویەتی و چیرۆکنووس پیشتر پلانی بۆ دانەناوە و وەك دەردیکی دریژ خایەن لە نەستی دا بەرجەستە نەبووە ، چیرۆکەکانی (لافاو ، کوا کورەکەم )

نموونەی چیرۆکی بۆنەن کە باس لە ئەنجامی کارەساتیکی سروشتی دەکەن . (٤٦)

چیرۆکی شانۆیی یان روونتر بلێین دەقی شانۆیی لە (هیوا) دا لە چاو گۆڤارەکانی پیش سەردەمی خۆی دا ، بایەخ و گرنگی زۆری پی دراوە ، جگە لەوەی دەرگای وەلا کردەوە بۆ ئەم چەشنە چیرۆکە کە (پیشتر لە سەر دەستی عبدالرحمن هەکاری ( ٤٧ ) و پیرەمیرد و شیخ سەلام و نووسەرانی تردا ، چ بە نووسین یا بە وەرگیران بۆ شانۆ نووسراون ، ( ٤٨ ) بەلکو بۆ هاندان و پیشبرکی ی نیوان نووسەران ((مەدالیای هیوا) دەکاتە پاداشت بۆ ئەو گرەوەی ریکی خستووەو هەر لیرەوە مەرجی نووسینەکان نەخشە دەکیشی و بانگەوازی ریبازی ریالیزم بۆ دەقی شانۆیی جار دەدات .

١–ئەمانەویت جوانترین چیرۆکی سەر شانۆ (مسرحیە)بنوسیت بە مەرجیك پەیوەندی بە ژیانی کوردەوارییەوە هەبیت .

٢–ئەمانەویت جوانترین چیرۆکی سەر شانۆ لە زمان و ئەدەبی بیگانەوە وەربیگیریت بۆ کوردی .بە مەرجیك پەیوەندی بە ژیانی ئەمرۆی مرۆڤەوە هەبیت .( ٤٩ )

نووسەرانی کورد لەو رۆژەدا هەستیان بەوە کردبوو کە شانۆی کوردی ، چ وەك دەقی خۆمالی چ وەك هەل بژاردە لە شانۆی جیهانی ، لاوازەو وەك ژانەریکی کاریگەرو قوتابخانەی گەل بۆ میللەتیکی هەژارو نە خویندەواری وەك کورد ،شوینی خۆی نەگرتووە ، ئەگەر چی لە سالی ١٩٢٥ بە دواوە لە سەر دەستی پیرەمیردو شیخ سەلام و نووسەرانی تردا ، بەرهەم بۆ شانۆ نووسراوەو بۆچەماوەر لە قوتابخانەکاندا پیشکەش کراوە ، بە تایبەتی شاری سلیمانی کە لەم بزووتنەوەی شانۆگەرییەدا سەردەستە بووە .

دامەزراندنی بەشی کوردی لە رادیۆی بغدادا لە دوای سالی ١٩٣٤ ، ( ٥٠ ) ەوە بوە هاندەر بۆ چیرۆکی تەمسیلی رادیۆو خۆشەویستی ئەم ژانرە لای گویگرانی کورد ، لەو رۆژگارەدا دەنگی بایەخدان بە شانۆی کوردی لای نووسەرانی کورد بەرز بووەوە ئەوەتا مارف بەرزنجی بە راشکاوی دەنوسیت ((شانۆی نەتەوایەتی بە مافی نەتەوایەتیمانەوە بەستراوە ،کە لە سایەی رژیمیکی دیموکراسی دروست دا دەستمان ئەکەویت )) و وە هەر لە سەردەمی شۆرشدا شانۆگەری (زەوی زەوی خۆمانە) دەنووسی .( ٥١ ) ئەو بانگەوازەی ( هیوا) بۆ پیشبرکی دەقی شانۆی ، لە لایەن نووسەرانەوە بە پیرەوە چوونی هەبووە ، ژمارەیەك چیرۆکی شانۆیی بۆ دەستەی نووسەران نیردراوە ، لە لایەن لیژنەی تایبەتەوە هەلسەنگینراون .ئەنجامی گرەوەکە لە ژمارە شەش و حەوتی سالی (١٩٥٩) دا بلاوکراوەتەوە :

(چۆن بووم بە هونەرمەند ) نووسینی (ئەمین میرزا کەریم ) ە پلەی یەکەمی وەرگرتووەو( مەدالیای هیوای) پی بەخشراوە وە هەر لەو ژمارەیەدا ئەو دەقە بلاو کراوەتەوە . ئەم شانۆگەرییە بەسەر چوار پەردەدا دابەش کراوە : کیشەی لاویکی‌تامەزرۆی هونەرو مۆسیقایە لە گەل باوکیکی دەولەمەندی پیسکە ، کە هیچ بایەخی بۆ هونەرمەندو مۆسیقا – ژەن دانانی و تەنانەت (بەهزاد ) داوای کەمانچەیەك لە (حاجی رەحیمی باوکی) دەکات ، نەك وەلامی ناداتەوە بەلکو لە مال دەری ئەکات و ئەویش ناچار دەچیتە مالی (شیروان )ی هاوریی لەوی کار دەکەن و خەریکی مۆسیقا دەبن لە تیپی مەولەوی دا ، لە کۆتایدا حاجی ئاگری جگەر هەلی ئەگری و دەچیت بە دوای کورەکەدا و کە گویی لە ئاوازی (مەولەوی) دەبیت سۆز ئەیگری و لەو دل رەقیەی پەشیمان ئەبیتەوە .

نووسەر لەم شانۆیەدا باسی واقیعی ئەو سالانە دەکات و ململانی و کیشمە کیشی نیوان بیری کۆن و بیری نوی سەبارەت بە مۆسیقاو هونەرمەند دەردەخات ، کۆتایی کیشەکە کە بە سەرکەوتنی دەستەی دووەم دەشکینەوە و خەلکی ریزی هونەر دەگرن و وەك جاران بە سووکەوە سەیری ناکەن ئەمین میرزا کەریم کە هەر دواتریش بە نووسینی دەقی شانۆیی یەوە خەریك بوو ،لەم مەیدانەدا جیی قەلەمی دیارە ، لەم شانۆیەدا رۆلی ئافرەتی فەرامۆش نەکردوو وە دوو جۆر کەسایەتی دەخاتە بەرچاو :–

یەکەمیان ژنی حاجی رەحیمە (ئافتاو خان ) ە کە خەریکی قبول کارییە . ( ٥٢ ) رووکاری کچی کە لایەن گری براکەیەتی حەز بە هونەر دەکات و تەنانەت ئامادەیە لە گەل ئاوازی مۆسیقای براکەی دا گۆرانی بلیت ( ٥٣ ) .ئەمەش بۆ ئەو رۆژگارە کاریکی ئاسان نەبوو ، کۆمەل ریی پی نەئەدا و جیی تانەو تەشەر بوو . جگە لە چیرۆك و دەقی شانۆیی ، لە لاپەرەکانی (هیوا) دازۆر هونەری سەرەکی تری پەخشانی کوردی ، جیی بایەخ و سەرنجدانە بە تایبەتی (وتار) کە کۆلەکەی بنچینەی رۆژنامە و گۆڤارە ، وتارەکان بە پیی ناوەرۆك و ئەو مەبەستەی بۆی نووسراون بەسەر (وتاری سیاسی و میژوویی کۆمەلایەتی و زمانەوانی و ئەدەبی و ژیاننامە) دا دابەش کراون ، هەروەها بایەخ بە رەخنەی ئەدەبی دراوەو دەستەی نوسەران هەولیان داوە هەر ژمارەیەك کە لە لایەن زاناو پسپۆرو ئەدەب دۆستیکەوە شەن و کەو بکریت و بخریتە تەرازووی رەخنەی مەوزوعیمانەوە . ( ٥٤ )

هەروەها ئەدەبی فۆلکلۆری و بابەتی گالتە و گەپ و وەرگیران و بەرهەمی بیگانە کە زیاتر سەرچاوەکانیان زمانی عەرەبی بووە ، شوینی خۆیان لە لاپەرەکانی هیوادا هەیە .

## ئەنجام :

گۆڤاری هیوا ٩٥٧ – ٩٦٣ هەولی تەواو کردن و دریژە پیدانی رەوتی ئەدەبی و رۆشنبیری ((گەلاویژ)) ە ٩٣٩ – ٩٤٩ و هەر بەو ئاقارەدا هەنگاوی ناوە ، ئەگەر چی لە رووی چەندیتی و چۆنیەتی

و به پیزی بابەتەوە گەلاویژ بالاترە . هیوا لە رووی زەمەن و میژووەو نوییەو پەیوەستە بە دوو سەردەمی دەسەلاتی جیاوازەوە (پاشای و کۆماری ) ئەو شاعیرو چیرۆك نووسانەی ((گەلاویژ)) هاندەریان بووە ، لە هیوا دەرفەتی بلاوکردنەوەیان بۆرەخساو بوونە نەوەی ((گەلاویژ)) . بە گشتی شیعر لە هیوادا بە پیوانە لە گەل ژانەرەکانی تردا ، لاپەرەی کەمتری بۆ تەرخان کراوە ، ئەگەر چی لە سالی یەکەمدا پۆستەرە شیعری یە سیاسییەکانی (کامران موکری ) سەنگی خۆیان هەیەو دەنگیکی نویی شیعری نەتەوەیین. وتاری سیاسی و بابەتەکانی رۆژ ، لە ژمارەکانی دوای شۆرشی ٩٥٨ دا بە تەواوی رەنگی داوەتەوە ، بە جۆریك وەك گۆفاریکی سیاسی ئاماژەی بۆ بکریت .

چیرۆکی کوردی بەدەنگ و شیوازیکی نوییەوە لە (هیوا) دەردەکەوی .ناوی (عبداللە میدیا و مستەفا صالح کەریم و حەسەن قزلجی و مەم و حسین عارف و مەعروف بەرزنجی ) ئەو دەستەیەن کە لە سالانی پەنجاکانەوە لە گۆفارو رۆژنامەکان دا بەرهەمیان بلاوکردۆتەوە ، دەتوانین بەرهەمەکانیان بە ناوەرۆك و تەکنیکی جیاوازەوە بەهەنگاویکی بەرەو پیش لەکورتە چیرۆك دا بنیین .وەرگیران لە زمانی عەرەبی یەوە لە بلاوکراوەکانی ئەو رۆژانەی عیراق و میصردا سەرچاوەی سەرەکی بەرهەمە وەرگیراوەکان بوون ، هەروەها لە سالانی ١٩٦٥ دا بوار بۆ ژمارەیەك لە رۆشنبیران و ئەدیبی کورد هەلکەوت ئەوانەی دەرچووی کۆلیجەکان بوون تا لە دەرەوەی ولات خویندنی بالا تەواو بکەن ، ئەو دەستەیە بەنامە و بلاوکراوەو شیعری و پەخشانی وەرگیراو بەشداریان لە (هیوا) دا کردووە و هەروەها بەرهەمی نووسەرو شاعیرانی کوردستانی ئیران و سوریا و تورکیا بەرچاو دەکەوی .

لەگەل ئەو ململانی و زۆرانبازی یە فیکری و سیاسی یە لە سالانی (هیوا دا لە نیوان بیری ناسیۆنالیزم و ئەنتەرناسیۆنالیزم دا هەبوو گۆفاری (هیوا) توانی جەمسەری هەردوو رایەلە کە بگری و تا رادەیەك هاوسەنگیەك لە بلاو کردنەوەی بابەتەکان دا بکات و خۆی بەیەك لادا ساغ نەکاتەوە . گەشە سەندنی ریبازی ریالیزم و ریالیزمی شۆرشگیرانە لە بەرهەمەکانی (هیوا) دا دەبینری و زۆر بانگەواز بۆ ئەم ریبازە کراوە ، پەیامداری ئەدیب بە مەرجی سەرکەوتنی بەرهەمەکانی دراوەتە قەلەم٠

پیویستە لە نووسینەوەی میژووی گەشە سەندنی شانۆی کوردی دا (دەقی شانۆی ) ئاماژە بۆ هەولی گۆفاری (هیوا) بکری کە یەکەم گۆفاری کوردی یە بۆ پیشخستنی دەقی شانۆی خۆمالی گرەوی تایبەتی سازداوە و دەیەوی قەلەمی نووسەران بۆ ئەم لایەنە راکیشی و وەك چۆن گۆفاری ((شەفەق)) بۆ کورتە چیرۆکی کوردی ئامادەی کردبوو .ئەم لیکۆلینەوەیە لە کەم و کورتی بەدەرنییە بەلام هەنگاویکە بۆ یادکردنەوەو دەست نیشان کردنی رەوتی (٠هیوا)) لە کاررانیۆشنبیری و ئەدەبی کوردی دا بە ئومیدی ئەوەی مەبەست بپیکیت .

## سەرچاوەکان :-

(١) بروانە ژمارەی تایبەتی شۆرش ژ٣ س٣ ئاب ١٩٥٨ ز .

(٢) بروانە ژ١ س١ (تەمموز )١٩٥٧ وینەی بەرگ .

(٣) هەر ئەو ژمارەیە ل١ .

(٤) گۆفاری گەلاویژ دوای دە سال خزمەت بە ئەدەب و رۆشنبیری کوردی لە ئابی ٩٢٩ دا بە فەرمانی عورفی سەرکردەی هیزی سوپایی عیراق لە گەل (٢٣٧) رۆژنامەو گۆفاری تر کە لە ناوچە جیا جیاکانی عیراق دا دەردەچوون داخراو ئیمتیازی لە خاوەنەکەی سەندرایەوە . بروانە (عبدالرزاق الحسنی) تأریخ الوزرات العراقیە ج ٨ – مطبعة العرفان – صح ٩٥٥ ل ١٠٥.

(٥) یانەی سەرکەوتن لە سالی ١٩٣٥ بە هەولی چەند پاریزەرو رۆشنبیریکی کورد لەوانە (مارف جیاووك ، محمد علی عبدالعزیز ، عارف پشدەری ) پیك هات لە ٣٥ ی مایس ١٩٣٥ دا لە سینەمای رۆیال لە بەغدا ئاهەنگی دامەزراندنی سازدا و دەستەی بەریوەبەر هەلبژیراو یانە ٢٨ سال ژیا . بۆ زانیاری زیاتر بروانە رۆژنامەی ژیان ژ ٢٤٢ ، ٢ حزیران .٩٣ ، ژ٢٤٣ ، ٥ حزیران .٩٣ ، گۆفاری دەنگی مامۆستا ژ١ س دووەم – حوزەیران و تەممووزی ١٩٧٢ ، چاپخانەی راپەرین ل ١٤ – ١٨ (غەفوور رشید) ، یانەی سەرکەوتنی کوردان لە چەند دیریکدا .

(٦) هیوا ژ ٩ ، ١٠ س ٢ نیسان و مایس ١٩٥٩ ل ٢ .

(٧) لیث عبدالحسن الزبیری – ثورة ١٤ تموز فی العراق – دار الرشید للنشر ١٩٢٠ ص ١٨ .

(٨) - غەفوور رشيد - سەرچاوەی پشوو . ل ١٧ .

(٩) هيوا ژ ١ س ١ تەمموز ٩٥٧ . ل ٣.

(١٠) ليث عبدالحسن الزبيري - سەرچاوەی پێ شو ل ٣٨ .

(١١) دەستووری ١٩٥٨ سەبارەت بە نەتەوەی کورد دوو مادەی ناکۆك بە یەکی تیدایە ، لە مادەی دوودا دەلی (عیراق دەولەتیکی خاوەن سیادەو سەربەخۆیە و ئازادە ، خاکەکەی جیا نابیتـەوە و دەست بەرداری هیچ بەشیکی نابیت ، ئەم مادەیە لە دەستوورەکانی دواتردا چەسپا ، مادەی سییەم کە دان بەوەدا دەنیت کە (عەرەب و کورد لەم نیشتمانەدا هاوبەشن ) . کە ئەمە لە گەل مادەی دوودا جیاوازی هەیە ، بروانە کوردستانی نوی ژ ٧٣٢ رۆژی ١٩٩٢/٧/١٢ .

(١٢) بروانە گۆڤاری ریگای ئاشتی و سۆشیالیزم ژ ١٣ تەممووزی ٩٨٨ ل ٢ هەروەها لیث عبدالحسن الزبیری سەرچاوەی پیشو ل ٢٨٧

(١٣) هیوا ژ (٩ ، ١٠ ) س ٢ نیسان و مایسی ١٩٥٩ ل ٤ .

(١٤) بروانە هیوا ژمارە ٢ س ٢ اب ٩٥٨ .

(١٥) بروانە هیوا ژمارە ٣ س ٢ ئەیلول ٩٥٨ وتاری کوردو یاسای جمهوریەت و وتاری یانەی سەرکەوتن و داوای تواندنـەوەی کـورد ژ ٣٢ س ٢

نیسان ٩٦١ ل ٦٨ .

(١٦) بروانە هیوا ژ ٥٥ س ١ ، تشرینی دووەمی ٩٥٧ .

(١٧) بروانە دکتور عبداللطيف حمزه - الصحافه والادب فی المصر / مطبعة البرلمان /مصر ٩٥٥ ص ٦ دا .

(١٨) بروانە کوردستان - یەکەیمن رۆژنامەی کوردی - کۆکردنەوەو پیشەکی یەکەی دکتور کەمال فوئاد بەغدا ١٩٧٢ .

(١٩) بروانە هیوا س ١ ٩٥٧ ، ٩٥٨ - ژمارە (١،٢،٣،٤،٥،٦،٧،٨،٩)

(٢٠) بروانە هیوا س١ ژمارە ٤ ، ٦ ، ٧ ، ٥ ٩٥٧ - ٩٥٨ .

(٢١) هیوا ژ ١ ، س١ تەمموز ١٩٥٧ ل ٢ .

(٢٢) بروانە محمد صدیق عارف / کامەران و هۆنراوەی نوی - چاپخانەی مەعاریف بەغدا ٩٥٧ ، معروف بەرزنجی کامەران و دیارییەکەی ، گۆڤاری شەفەق ژ ١ ك ٢ ٩٥٨ ل ٧ .

(٢٣) محمد صدیق عارف - سەرچاوەکەی پیشوو ل ١٧ .

(٢٤) هیوا ژ ١١ ، ١٢ س٢ ١٩٥٩ ل ٥٥

(٢٥) هیوا ژ٢ اب ٩٥٨ ل١ .

(٢٦) هیوا هەر ئەو ژمارەیە ل١

(٢٧) هیوا هەر ئەو ژمارەیە ل ١ .

(٢٨) نامەیەك بۆ قارەمانی رزگارکەر .هیوا ژ٣ س٢ ، ایلول ٩٥٨ ل ٢٤

(٢٩) لەو گولانەی هەرگیز سیس نابن هیوا ژ ٥ س ٣ مایس .٩٤ ل ١٨

(٣٠) کوران - هەوری پایز ژ٢ س٢ کانونی ٩٥٩ ل ١٤

(٣١) کاروان - کاکەی فەلاح - هیوا ژ ٣٠ س ٢ تشرینی یەکەم . ١٩٦٠ ل ١٠

(٣٢) بروانە هیوا ژ ٦ ، ٧ س ٢ ل ٣٧ ، ژ ١١ ، ١٢ س ٢ ل ١٠٤ ، ١٠٦ ، ژ ٤ س٢ ل ٧٦ ، ژ١١ ، ١٢ ل ٢ ل ٤٩ - ٥٣ ژ ٣٢ س ٤ ل ٥ .

(٣٣) شیعری دایك - نازم حکمت ، وەرگیر ، کەمال غەمبار ((هیوا )) ژ ١١ ، ١٢س ٢ ل ٦٢ .

(٣٤) هیوا ژمارەی پیشوو ل ٢٨

(٣٥) هیوا هەر ئەو ژمارەیە ل ٣٦

(٣٦) بروانە ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی ناویان هاتووە و بەرهەمی چیرۆك نووسانی ئەم سەردەمە و رۆژگارەی رۆژنامەگەری کوردین .

(٣٧) مستەفا صالح کەریم : فرمیسکی پەشیمانی هیوا ژ ٢ س ١ ٩٥٧ ل ٢٧ .

(٣٨) محمد مەولود مەم ، قینی لیم بوو هیوا ژ ٦ س ٩٥٧ ل ٨٢ .

(٣٩) مستەفا صالح کەریم بریا نەهاتیتایەوە هیوا ژ ٣ س ١ ، ٩٥٧ ل ٥٣ .

(٤٠) مامۆستا ع (عەبدوللا میدیا ) دلسۆزی نەمر هیوا ژ ٣ س ٩٥٧ ل ٧٤ .

(٤١) بروانە زمان و ئەدەبی کوردی بۆ شەشەمی ئامادەیی /وەزارەتی پەروەردە چاپی دووەم ١٩٧٨ ژ ل ١٤٣

(٤٢) مستەفا صالح کەریم – چیرۆکی (چۆن لە بیرم بچیتەوە ؟) هیوا ژ ١ س ٣ ١٩٥٩ ل ١٠٣

(٤٣) قەلەندەر ئالانی – دیمەنیکی سامناك کە لەسەر سنوور ، هیوا ژ ٣٣ س ٥ ١٩٦١ ل ٩٢ .

(٤٤) بروانە هیوا ژ ١١ ، ١٢ س ٩٥٩ ل ١٠٤

(٤٥) عومر مەعروف بەرزنجی – لیکۆلینەوە و بیبلیوگرافیای چیرۆکی کوردی ٩٢٥ – ٩٦٩ چاپخانەی کوردی زانیاری کورد – بەغداد ١٩٧٨ ل ٧٤ ، ٧٥ .

(٤٦) بروانە چیرۆکی کوا کورەکەم ، چیرۆکی لافاو ، هیوا ژ ٥ س ٩٥٧ ل ٥ هەر ئەو ژمارەیە ل ٦٧ .

(٤٧) ع رەحیمی داهینەری یەکەمین شانۆنامەیە لە ئەدەبیاتی کوردیدا ، ئەمەش بە نووسینی شانۆنامەی (مەمی ئالان) کە لە ژمارە ١٥ ، ١٤ ی گۆڤاری ژین ١٩١٩ ی ئەستەمبول بلاوکراوەتەوە بروانە د. فەرهاد پیربال : ع . رەحیمی هەکاری ، رۆژنامەی کوردستانی نوی ژ ٨٢٩ رۆژی ٦/١١/٩٩٦ ، ل ٦ .

(٤٨) زمان و ئەدەبی کوردی – سەرچاوەی پیشوول ل ١٤٦

(٤٩) بروانە هیوا ژ ٣ ئابی ١٩٥٨ ل ١٦

(٥٠) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە میژووی ئیستگەی بەغداد وبەخشی بەشەکانی بروانە د.ابراهیم الداقوقی – نظام الاذاعة العراقیة – مجله ((حولیات الاعلام )) عدد ٢ ، ١٩٨٢ ل ٥ – ٥٠

(٥١) سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید ، سامان مارف بەرزنجی و عومەر بەرزنجی ، هەولیر ٩٩٣ ل ٢١٣ .

(٥٢) لە ناو ژنانی تویژە دەولەمەندو مەئموورەکانی دەولەت دا ، ئەو سالانە و دواتریش ئاهەنگی خنجیلەو کۆبوونەوە ساز دەکرا بۆ ژنان بە ناوی (قبول )ەوە .

(٥٣) بروانە ئەمین میرزا کەریم – چوون بووم هونەرمەند ، هیوا ژ ٦ س ١٩٥٩ ل ٦٦ – ٧٦

(٥٤) بۆنموونە بروانە – ژمارە دووی هیوا لە تای تەرازوودا ، هیوا ژ ٤ س ١٩٥٧ ل ٦٤

# Hewa Magazine (1957-1963) And Its Participation in The Recent Literature Movement

**Mohamed D.A. Mohamed. College of Humaniterian Scienses**

## SUMMARY

The Kurdish press paid attention since its publication to the literature, in addition to its social and political tasks. After Galawez magazine 1949-1939 had stopped, while it was in the highest point of its literary glory and presentation because of intellectual terrorism, the Kurdish magazine disappeared from Kurdish field exactly in the end of the forties, which lead to the importance of having a literary magazine from which the authors and artists can express what is in their minds during that period.
Heewa ( Al-Amal ) magazine 1957-1963 played a cultural rote since its publication till forcing it to be stopped. The magazine was a dependable source for the Kurd writers and readers from the new generation till the generations of fifties and sixties.
This research has two sides: historical i.e. the periods of royal and republican rule in Iraq and their reactions on the magazine. The literary side : i.e. evaluating the spreaded literary aspects in the magazine like poetry and all kinds of artistic prose with recognition of the efforts made by the poets and the prominent writers in the magazine. The researcher tried to show that the publication of the literary magazine is one of the important matters for the Kurd writers and intellectuals.
They were in a great need of spreading their artistic, literary and intellectual works despite the bad circumstance, so they exploited the periods of proportional freedom and they published the literary magazine.

## مجلة هيوا ( ١٩٥٧ –١٩٦٣ ) ومشاركتها في الحركة الأدبية المعاصرة

**محمد دلير امين محمد – القسم الكردي – كلية العلوم الإنسانية**

## الخلاصة

اهتمت الصحافة الكردية منذ نشوئها ، الى جانب مهامها السياسية والاجتماعية، بالأدب الكردي. بعد آن توقفت مجلة " گلاويژ ١٩٣٩-١٩٤٩" وهي في أوج مجدها و عطائها الأدبي والثقافي، بسبب الإرهاب الفكري، اختفت المجلات الأدبية من الساحة الكردية تماما في نهاية الأربعينيات، مما أدى آلي ضرورة وجود مجلة أدبية، يعبر من خلالها الأدباء والفنانون الجادون في تلك الفترة عما يدور في أفكارهم ومشاعرهم وأحاسيسهم.
وقد كانت مجلة هيوا-الأمل في الفترة مابين ١٩٥٧-١٩٦٣ تلعب دورا ثقافيا وأدبيا منذ صدورها و لغاية إجبارها على التوقف .
وقد أضحت أعدادها ثقة و مرجعية للكتاب والقراء الكرد من جيل جديد اى الجيل الخمسينات والستينات.
ان محاور هذا البحث ذات وجهتين: التاريخية : أي فترتي الحكم الملكي و الحكم الجمهوري في العراق وانعكاسهما على صفحات المجلة. وادبية : أي تقييم العناصر الأدبية المنشورة في المجلة كالشعر والنثر الفني بأنواعه. مع إشادة بمجهود الشعراء والكتاب البارزين في المجلة. حاول الباحث ان يبين بان إصدار المجلات الأدبية كان وما يزال هما من هموم المثقفين والكتاب الكرد، فقد كانت بهم حاجة ماسة الى نشر نتاجاتهم الفكرية والأدبية والفنية، وعلى الرغم من الظروف القاهرة وكانوا يستغلون فترات الحرية النسبية ويغمرون فيقدمون على إصدار المجلات الأدبية.